# پرۆگرام و پەیڕەوی

# فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید

**بەندی 1– ناوی فیدراسیۆن:**

دەقی ناوەکەی (فیدراسیۆنی کۆمەڵـە کوردستانییەکان لـە سوید). کورتەی ناوی فیدراسیۆن دەبێتە (ف.ك.ك.س). بە زمانی سویدی دەبێتە Kurdiska Riksförbundet.

**بەندی 2– شوێنی کار و خەباتی فیدراسیۆن:**

شوێنی کار و خەباتی فیدراسیۆن وڵاتی سویدە و ناوەندەکەی لـە ستوکهۆڵمە.

**بەندی 3– سروشتی فیدراسیۆن:**

فیدراسیۆن ڕێکخراوێکی دیموکراتییە، سەربە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی و ئاینیی نیە و لـە کۆمەڵـە و یەکێتییەکانی کوردەکانی سوید پێکهاتووە.

**بەندی 4– ئامانجەکانی فیدراسیۆن:**

1– نوێنەرایەتی کوردەکانی دانیشتووی سوید دەکات و بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵانی کوردی دانیشتووی سوید خەبات دەکات.

2– سەبارەت بە کۆمەڵگای سوید کوردەکان ئاگادار دەکات و بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتیان هەوڵ دەدات.

3– بۆ مەبەستی گونجاندن (ئینتێگراشیۆن) خەبات دەکات.

4– بۆ بەرەوپێش بردن و بڵاوکردنەوەی زمان و فەرهەنگی کوردیی خەبات دەکات.

5– بۆ چارەسەرکردنی کاروباری ژنان، لاوان، منداڵان، کەمئەندامان و بەساڵداچوانی کورد خەبات دەکات و بۆ بەرەوپێش بردنی ئەوان و ڕەخساندنی هەلومەرجی گونجاو هەوڵیان بۆ دەدات.

6– گەلی سوید لـە مەسەلـەی کورد و کوردستان ئاگادار دەکات و بۆ ڕاکێشانی پشتیوانییان خەبات دەکات.

7– دژی ستەم و زۆرداریی داگیرکەران و بۆ بەدەست هێنانی مافی چارەنوسی گەلی کورد لـە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان پشتگیریی بزوتنەوەی گەلی کورد دەکات و بۆ قبوڵکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد وەك کەمایەتییەك لـە سوید و بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی خەبات دەکات.

8– هاوکاریی دەکات لـەگەڵ ڕێکخراوە دیموکراتی و کۆمەڵایەتییەکانی بێگانە و سویدییدا.

9– یارمەتی پەنابەرانی کورد دەدات و دەربارەی مافی پەنابەران ئاگاداریان دەکاتەوە و بۆ بەرەوپێش چوونیان هەوڵ دەدات.

10– سەبارەت بە مافی پەنابەران و بیانییان، بە پێی پەیمانە نێونەتەوەییەکان و پرینسیپە جیهانییەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ کار دەکات.

**بەندی 5– جێبەجێکردنی ئامانجەکانی فیدراسیۆن:**

1– پەیوەندی لـەگەڵ دامودەزگا ڕەسمییەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا دادەمەزرێنێت.

2- لە بواری جیاوازدا ئاگاداری بڵاودەکاتەوە، لە دەزگا ڕاگەیاندنە گشتییەکان کەڵك وەردەگرێ. سیمینار، کۆنفرانس، کۆرس و شەوئاهەنگی کلتوری پێکدێنێ و گەشت و سەیران ساز دەکات.

3- هاوکاریی کۆمەڵەکانی ئەندامی دەکات و بۆ پەروەردە کردنیان پرۆژە ئامادە دەکات.

4- ئۆرگانی خۆی (بەربانگ) بە زمانی کوردیی و سویدی بڵاودەکاتەوە. بەربانگ لە چوارچێوەی بەرنامە و پرینسیپەکانی فیدراسیۆندا سەربەخۆیە.

5- کۆمیتەی گشتی بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانی فیدراسیۆن کۆمیتەی کار پێکدێنێت.

6- هەوڵ دەدات لەو کۆنفرانس و کۆبوونەوە جیهانییانەدا بەشداریی بکات کە لەسەر کێشەی کورد دەبەسترێن.

**بەندی 6- ئەندامەتی:**

**ئا: ئەندامەتی کۆمەڵەکان.**

1- هەر کۆمەڵەیەکی کورد کە لە شارەوانییەکدا دامەزرابێت و لە شارەوانیی خۆیدا ناونوس کرابێت و خاوەنی پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی بێ و پڕۆگرام و پەیڕەوی فیدراسیۆن پەسەند بکا، دەتوانێ داوای ئەندامەتی لە فیدراسیۆن بکات.

2- کۆمەڵەیەك کە بخوازێ ببێتە ئەندامی فیدراسیۆن دەبێ داوای خۆی بە نوسراو ڕابگەیەنێت و پڕۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی و ناوی ئەندامانی و پرۆتکۆڵی کۆنگرەکەی لەگەڵ داواکارییەکەی ئاڕاستەی فیدراسیۆن بکات.

3- کۆمیتەی گشتیی لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا لەسەر داخوازی ئەندامەتی ئەو کۆمەڵەیە بڕیار دەدات. ئەو کۆمەڵەیەی کە داوای ئەندامەتی قبوڵ نەکرێ، دەتوانێ سکاڵای خۆی بە ڕێگای کۆمیتەی گشتییەوە بگەیەنێتە کۆنگرەی فیدراسیۆن.

4- فیدراسیۆن کۆمەڵەی ئەندامی فیدراسیۆنێکیتری کوردیی بە ئەندام وەرناگرێت و کۆمەڵەی ئەندامی فیدراسیۆنیش مافی ئەوەی نیە ببێتە ئەندام لە فیدراسیۆنێکیتری کوردیدا.

5- فیدراسیۆن جیا لە شارەوانی ستۆکهۆڵم لە هەر شارەوانییەکدا، تەنیا یەك کۆمەڵە بە ئەندام وەردەگرێت. ئەگەر لە شارەوانییەکدا دوو کۆمەڵە هەبێ و پێویست بن بە ئەندام وەرگیرێن، کۆمیتەی کارگێڕ لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات و بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوەیە کۆمیتەی گشتی بڕیار وەردەگرێ.

6- هەر کۆمەڵەیەك دەبێ لە سنوری شارەوانی خۆیدا ئەندام وەرگری یان لە شارەوانێکی نزیکی، کە کۆمەڵەی ئەندامی فیدراسیۆنی تێدا نەبێ.

7- کۆمەڵەکانی ئەندامی فیدراسیۆن ناتوانن لە شارەوانییەك ئەندام وەرگرن کە ئەو شارەوانییە بۆخۆی کۆمەڵەی سەربە فیدراسیۆنی تێدابێ.

8- هەر کۆمەڵەیەکی پیشەیی یان کۆمەڵەیەك کە بۆ مەسەلەیەکی تایبەتی پێك بێ، چ لە ئاستی شارەوانییەکدا و چ لە ئاستی سەرتاسەریی سوید چالاك بێ، وەك (کومەڵەی نووسەران، یاسازانان و دوکتۆران و کەمئەندامان و ...تد) و خاوەنی پڕۆگرام و پەیڕەوی خۆی بێت و لە لایەن شارەوانییەکەوە ناونوس کرابێ، دەتوانێ داوای ئەندامەتی لە فیدراسیۆندا بکات. بۆ هەر کۆمەڵەیەك کە پەیوەست بێ لەگەڵ ئەو خاڵە، تەنیا یەك کۆمەڵە بە ئەندام وەردەگیرێ. ژمارەی ئەندامی ئەو کۆمەڵانە گرنگ نیە. ئەو جۆرە کۆمەڵانە مافی ناردنی 3 نوێنەریان بۆ کۆنگرەی فیدراسیۆن دەبێت.

9- کۆمەڵەکان لە خەباتی خۆیاندا سەربەستن، بە مەرجێك کارەکانیان دژی پڕۆگرام و پەیڕەوی فیدراسیۆن نەبێ.

10- کۆمەڵەکانی ئەندامی فیدراسیۆن دەتوانن بەپێی پرینسیپی یەکسان لە توانای فیدراسیۆن کەڵك وەرگرن.

11- کۆمەڵـەکانی ئەندامی فیدراسیۆن هەموو ساڵـی دەبێ لـە دەستپێکردنی ساڵـی نوێوە واتە (1/1)وە هەتا (9/30)ی ئەو ساڵـە ئەندامەتی خۆیان لـە ژمارە پۆستگیرۆی فیدراسیۆن هاوێژن. مافی ئەندامەتی بۆ هەر ئەندامێك (5) کرۆنە. ئەگەر کۆمەڵـەیەك لـە کاتی خۆیدا مافی ئەندامەتی نەدابێ، ناتوانێ نوێنەر بۆ کۆنگرەی فیدراسیۆن ڕەوانە بکات.

12- کۆمەڵـەکان دەبێ بەلانی کەمەوە مانگێك بەرلـە بەستنی کۆنگرەی فیدراسیۆن کۆنگرەی خۆیان ببەستن و ڕاپۆرتی خەبات و ناوی ئەندامانی کۆمیتەی کارگێڕ و نوێنەرانی هەڵبژێراویان بۆ بەشداریکردن لـە کۆنگرەی فیدراسیۆن بنێرن. هەروەها کۆمەڵـەکان دەبێ پانزدە ڕۆژ بەرلـە بەستنی کۆنگرەکەیان فیدراسیۆن ئاگادار بکەن، تا نوێنەری فیدراسیۆن بەشداریی بکات لـە کۆنگرەکەیاندا.

**ب- ئەندامەتی یەکێتی ژنانی کوردستان:**

1- یەکێتی ژنانی کوردستان لـە لقەکانی ژنانی کۆمەڵـەکانی ئەندامی فیدراسیۆن پێك دێت.

2- ئەرك و چالاکییەکانی ژنانی ناو کۆمەڵـەکان و فیدراسیۆن ڕادەپەڕێنێ و بە داهاتی پرۆژە جۆراوجۆرەکان بۆ ژنان و داهاتی تایبەت بە ژنان ئیشوکارەکانی بە ئەنجام دەگەێنێ.

3- لـە بارەگای فیدراسیۆن و دەرەتانێك کە فیدراسیۆن بۆی دەرەخسێنێت کەڵك وەردەگرێ و بەگوێرەی بڕیاری هاوبەش لـەگەڵ کۆمیتەی کارگێڕی فیدراسیۆن، خەرجیی و پێویستییەکانی بارەگای فیدراسیۆن دابین دەکەن.

4- ئەگەر داهاتی نەبوو، فیدراسیۆن بە گوێرەی پلانی خەباتی پێشکەش کراوی کە لـەلایەن کۆمیتەی گشتییەوە قبوڵ دەکرێ، خەرجی یەکێتی ژنان دابین دەکات.

5- ئەگەر لـە شارێکدا (جگە لـە شارە گەورەکانی وەك ستۆکهۆڵـم، یوتێبۆری، مالۆ و ئوپسالا) کۆمەڵـەی سەربە فیدراسیۆن نەبێ، بەلانی کەمەوە سێ ژن دەتوانن کۆمیتەیەکی ژنان پێك بێنن. لـە هەمان کاتدا دەبێ هەوڵـی دروستکردنی کۆمەڵـەیەك بدەن و تا ئەوکاتە پەیوەندی بە نزیکترین کۆمەڵـەی ئەندامی فیدراسیۆنەوە دەگرن.

6- ئەندامانی ئەسڵیی کۆمیتەی کارگێڕی یەکێتی ژنانی کوردستان نوێنەر دەبن لـە کۆنگرەکانی فیدراسیۆندا.

7- یەکێتی ژنانی کوردستان لـە کار و چالاکییەکانی خۆیدا سەربەخۆیە، بە مەرجێك کارەکانی دژی پرۆگرام و پەیڕەوی فیدراسیۆن نەبن.

8- یەکێتی ژنانی کوردستان دەبێ پەیڕەو و پرۆگرامی خۆی لـەگەڵ دەستوری فیدراسیۆن بگونجێنێ.

**پ- ئەندامەتی یەکێتی لاوانی کورد:**

1- یەکێتی لاوانی کورد لـە لقەکانی لاوان کۆمەڵـەکانی ئەندامی فیدراسیۆن پێك دێت.

2- ئەرك و چالاکییەکانی لاوانی ناو کۆمەڵـەکان و فیدراسیۆن ڕادەپەڕێنێ و بە داهاتی پرۆژە جۆراوجۆرەکان بۆ لاوان و داهاتی تایبەت بە لاوان ئیشوکارەکانی بە ئەنجام دەگەێنێ.

3- لـە بارەگای فیدراسیۆن و دەرەتانێك کە فیدراسیۆن بۆی دەرەخسێنێت کەڵك وەردەگرێ و بەگوێرەی بڕیاری هاوبەش لـەگەڵ کۆمیتەی کارگێڕی فیدراسیۆن، خەرجیی و پێویستییەکانی بارەگای فیدراسیۆن دابین دەکەن.

4- ئەگەر داهاتیان نەبوو، فیدراسیۆن بە گوێرەی پلانی خەباتی ئەوان کە لـەلایەن کۆمیتەی گشتییەوە قبوڵ دەکرێ، خەرجی خەرجی ئەوان دابین دەکات.

5- ئەگەر لە شارێکدا (جگە لە شارە گەورەکانی وەك (ستۆکهۆڵم، یوتێبۆری، مالمۆ و ئوپسالا) کۆمەڵەی سەربە فیدراسیۆن نەبێ، بەلانی کەمەوە سێ لاو دەتوانن کۆمیتەیەکی لاوان پێك بێنن. لە هەمان کاتدا دەبێ هەوڵی دروستکردنی کۆمەڵەیەکی سەر بە فیدراسیۆن بدەن و تا ئەوکاتە پەیوەندی بە نزیکترین کۆمەڵەی ئەندامی فیدراسیۆنەوە دەگرن.

6- ئەندامانی ئەسڵیی کۆمیتەی کارگێڕی یەکێتی لاوانی کورد نوێنەر دەبن لە کۆنگرەکانی فیدراسیۆندا.

7- یەکێتی لاوانی کورد لە کار و چالاکییەکانی خۆیدا سەربەخۆیە، بە مەرجێك کارەکانی دژی پرۆگرام و پەیڕەوی فیدراسیۆن نەبن.

8- یەکێتی لاوانی کورد دەبێ پەیڕەو و پرۆگرامی خۆی لەگەڵ دەستوری فیدراسیۆن بگونجێنێ.

**بەندی 7- لە ئەندامەتی کەوتن:**

1- کۆمەڵەی ئەندامی فیدراسیۆن تەنیا بەپێ بڕیاری کۆنگرەی خۆی دەتوانێ لە ئەندامەتیی فیدراسیۆن بکێشێتەوە.

2- کۆمەڵەیەك کە خۆی لە ئەندامەتی فیدراسیۆن دەکێشێتەوە، لە ئەندامەتی فیدراسیۆن دەکەوێ و ناتوانێ داخوازی هیچ شتێکی (مادی و مەعنەوی) لە فیدراسیۆن بکات.

**بەندی 8- لە ئەندامەتی دەرکردن:**

1- ئەگەر کۆمەڵەیەکی ئەندامی فیدراسیۆن ئەرکی خۆی بەجێ نەهێنێ یان لە کارەکانیدا دژی پرۆگرام و پەیڕەوی فیدراسیۆن بجوڵێتەوە ، ئەوا لەسەر کۆمیتەی کارگێڕە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات و ڕاپۆرتێك پێشکەش بە کۆمیتەی گشتی بکات، ئەگەر کۆمیتەی گشتی بە پێویستی زانی:

ئا- هۆشیاری دەکاتەوە.

ب- ئەندامەتییەکە هەڵدەپەسێردرێت.

2- تەنیا کۆنگرەی فیدراسیۆن مافی ئەوەی هەیە، کە کۆمەڵەیەك لە ئەندامەتی فیدراسیۆن دەربکات.

3- کۆمەڵەیەك کە لە فیدراسیۆن دەردەکرێ، مافی ئەوەی نییە داوای هیچ شتێکی (مادی و مەعنەوی) لە فیدراسیۆن بکات.

**بەندی 9- ئۆرگانەکانی فیدراسیۆن:**

1- کۆنگرەی ئاسایی فیدراسیۆن.

2- کۆنگرەی نائاسایی فیدراسیۆن.

3- کۆمیتەی گشتی.

4- کۆمیتەی کارگێڕ.

5- کۆمیتەی ڕێڤیسۆر.

6- کۆمیتەی ڕاوێژ.

**بەندی 10- کۆنگرەی ئاسایی:**

1- کۆنگرەی ئاسایی ئۆرگانی هەرە بەرزی فیدراسیۆنە. دوو ساڵەی جارێك لە مانگی مایدا پێکدێ. بۆ ئەوەی کۆنگرە ڕەسمیەتی هەبێ ، دەبێ نوێنەران زیاتر لەنیوە لە کۆنگرەکەدا بەشداربن. ئەگەر لە نیوە پتری نوێنەرانی هەڵبژێراو لە کۆنگرەی کۆمەڵەکاندا کە ناویان بە فیدراسیۆن گەیشتووە لە کۆنگرەدا بەشدار نەبوون، کۆنگرە مانگێك دوادەخرێ و دوای ئەو مانگەدا کۆنگرە بە بەشداریی نوێنەرانی ئامادە پێکدێت.

2- کۆمیتەی کارگێڕ دەبێ دوو مانگ بەرلە بەستنی کۆنگرە کۆمەڵەکانی ئاگادار بکاتەوە.

3- دەبێ مانگێك بەرلە بەستنی کۆنگرە ڕاپۆرتی کار و خەبات و دارایی کۆمیتەکانی کاریی فیدراسیۆن بۆ کۆمەڵەکانی ئەندام بنێرێت.

4- لە کۆنگرەی فیدراسیۆندا، ئەندامانی ئەسڵی کۆمیتەی گشتی، کۆمیتەی کارگێڕ، کۆمیتەی ڕاوێژ، کۆمیتەی ڕێڤیسۆر نوێنەر دەبن لە کۆنگرەدا. ئەندامانی کۆمیتەی کارگێڕ و گشتی مافی دەنگدانیان لەسەر ڕاپۆرتەکانی کۆمیتەی گشتی نیە.

5- نوێنەرانی کۆنگرەی فیدراسیۆن بەپێی ژمارەی ئەندامانی بەشداری کۆنگرەی ساڵانەی کۆمەڵەکان هەڵدەبژێردرین. هەر کۆمەڵەیەك مافی ئەوەی هەیە کە بۆ (15) ئەندامی یەکەم (3) نوێنەر هەڵبژێرێ و بۆ هەر (10) ئەندامی دوایی، بۆ نمونە (لە 16-25، لە 26-35 و لە 36-45 و ...تد) (1) نوێنەر بنێرێتە کۆنگرە. لەو کۆمەڵانەی کە لقی ژنان و لاوانیان هەیە، دەبێ لەو سێ نوێنەرانەی سەرەتا، یەك ژن و یەك نوێنەری لاوان هەڵبژێردرێن. نوێنەری لقەکان لە کۆبوونەوەی لقی خۆیاندا هەڵدەبژێردرێن. ئەو کۆمەڵانەی ژمارەیان لە 15 ئەندام کەمتر بێ، تەنیا یەك ئەندامی نوێنەر ڕەوانەی کۆنگرەی فیدراسیۆن دەکەن.

6- ئەو کەسانەی کە لە لایەن کۆنگرەی فیدراسیۆنەوە بە ئەندامەتی ئۆرگانەکانی فیدراسیۆن هەڵدەبژێردرێن، دەبێ تا کۆنگرەی داهاتوو ئەرکی خۆیان بەجێ بێنن. ئەگەر کۆمەڵەیەك کە ئەوان ئەندامن تێیاندا، لە ئەندامەتی فیدراسیۆن بکەوێت یا لە فیدراسیۆن دەربکرێت یان بیەوێت ئەندامی خۆی لە ئۆرگانی فیدراسیۆن بکێشێتەوە، بەڵام ئەو کەسە خۆی نەیەوێت دەرچێت، ئەوا لەسەر ئەرکی خۆی دەمێنێتەوە.

7- کۆنگرە دەتوانێ بۆ وەرگرتنی ئەندام بۆ ئۆرگانەکانی لە دەرەوەی نوێنەران، لە ناو ئەندامی کۆمەڵەکانیدا ئەندام هەڵبژێرێت.

8- لە کۆنگرەی فیدراسیۆندا، وەرگرتنی بڕیار بە پێی زۆربەی دەنگی بەشداران پەسەند دەکرێ، جگە لە بەندەکانی (16 و 21).

**بەندی 11- کۆمیتەی گشتی:**

1- کۆمیتەی گشتی لە (12) ئەندامی ئەسڵی و (3) جێگر پێکدێت، کە لە کۆنگرەی فیدراسیۆندا هەڵدەبژیردرێن. ئەندامانی کۆمیتەی گشتی دەبێ بۆ بەڕێوەبردنی کاری فیدراسیۆن لە کۆمیتەکانی کاری فیدراسیۆندا جێ بگرن. ئەندامانی کۆمیتەی کارگێڕیش بە ئەندامی کۆمیتەی گشتی دەژمێردرێن.

2- کۆمیتەی گشتی لە نێوان دوو کۆنگرەی فیدراسیۆندا ئۆرگانی هەرە بەرزە.

3- کۆمیتەی گشتی لە کۆبوونەوەی یەکەمی خۆیدا، کە لە لایەن بەتەمەنترین ئەندامییەوە بەڕێوەدەچێت، سەرۆکی فیدراسیۆن هەڵدەبژێرێ. دوای هەڵبژاردنی سەرۆك، ئەو کۆبوونەوەی کۆمیتەی گشتی بەڕێوە دەبات.

4- کۆمیتەی گشتی هەر سێ مانگ جارێك کۆدەبێتەوە و پلانی خەباتی فیدراسیۆن، بودجەی ساڵانە، ڕاپۆرتی کۆمیتەکانی کار، کە پێشتر بە دەست ئەندامانی گەیشتووە، هەڵدەسەنگێنێ و بڕیاریان لەسەر دەدات.

5- بڕیارەکانی کۆمیتەی گشتی لە لایەن کۆمیتەی کارگێڕەوە جێبەجێ دەکرێن.

6- کۆمیتەی گشتی دەتوانێ ئەو سزایانەی خوارەوە بداتە ئەندامەکانی خۆی.

ئا- هۆشیار کردنەوە.

ب- لە ئەندامییەتی هەڵدەپەسێردرێت.

7- ئەندامی سزادراو مافی هەیە ناڕازی بوونی خۆی بخاتە بەرچاوی نوێنەرانی کۆنگرەی فیدراسیۆن و بەرگری لە مافی خۆی بکات.

8- کۆمیتەی گشتی بەرامبەر بە کۆنگرەی فیدراسیۆن بەرپرسیارە.

9- ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی گشتی هەڵپەسێردرا، یان لە ئەندامەتی کەوت، جێگری یەکەمی کۆمیتەی گشتی جێی ئەو پڕ دەکاتەوە. جێگرەکانی کۆمیتەی گشتی ئەگەر بخوازن دەتوانن لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی گشتی‌دا بەشدار بن، بەڵام مافی دەنگدانیان نیە.

10- ئەگەر پێویست بێ سەرۆکی فیدراسیۆن لەسەر بڕیاری کۆمیتەی کارگێڕ دەتوانێ ئەندامانی کۆمیتەی گشتی بانگی کۆبوونەوەی نائاسایی بکات.

11- ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی گشتی بەبێ هۆیەکی پەسەند وەك (نەخۆشی، سەفەری دەرەوەی سوید و مەئموریەتی فیدراسیۆن) لە (2) کۆبوونەوەی یەك بە دوای یەکی کۆمیتەکەیدا بەشداری نەکات، ئەوە لە ئەندامەتی دەکەوێت و جێگری یەکەم جێگەی دەگرێتەوە.

12- نوێنەری کۆمیتەی گشتی بدشداری دەکات لە کۆنگرەی کۆمەڵەکانی ئەندامیدا.

13- بڕیاردان لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی گشتی‌دا بە زۆربەی دەنگ پەسەند دەکرێت. کاتی یەکسان بوونی دەنگەکان، ئەو لایەنەی دەنگی سەرۆکی فیدراسیۆنی لەگەڵ دایە پەسەند دەبێت.

14- کۆمیتەی گشتی ساڵی جارێك کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری لەگەڵ کۆمەڵەکانی ئەندامی پێکدێنێت.

15- کۆمیتەی گشتی بۆ داڕشتنی پرۆژەکانی فیدراسیۆن، پرۆژەوانێکی پسپۆڕ بە داهاتی پڕۆژەکانی دادەمەزرێنێت. پرۆژەوانی فیدراسیۆن بۆ داڕشتنی پرۆژە لە شارەکاندا یارمەتی بە کۆمەڵەکانی ئەندام دەکات.

**بەندی 12- کۆمیتەی کارگێڕ:**

- کۆمیتەی کارگێڕ لە (9) ئەندامی ئەسڵی و (3) جێگر پێکدێ، (7) ئەندام و (3) جێگرەکان لە کۆنگرەی فیدراسیۆندا هەڵدەبژێردرێن. نوێنەرێك لە کۆمیتەی کارگێڕی یەکێتی ژنانی کوردستان و نوێنەرێك لە کۆمیتەی کارگێڕی یەکێتیی لاوانی کورد، دوو ئەندامەکەی‌تری کۆمیتەی کارگێڕن، کە لە کۆنگرەی خۆیاندا هاڵدەبژێردرێن و بە شێوەی ئۆتۆماتیك دەبنە ئەندامی کۆمیتەی کارگێڕی فیدراسیۆن و لە لایەن ئەو دوو یەکێتییەوە دەستنیشان دەکرێن.

2- کۆمیتەی کارگێڕ لە نێوان کۆنگرەکانی فیدراسیۆندا بەرپرسیاری جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە و بڕیارەکانی کۆمیتەی گشتی و خەباتی فیدراسیۆنە. لە ئامادەکردنی پڕۆگرامی کار و خەباتی ساڵانەیدا زیاتر بڕیار و پێشنیاز و دیتنەکانی کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی گشتی و کۆبوونەوەی ڕاوێژکاران ڕەچاو دەکات.

3- کۆمیتەی کارگێڕ لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا، سکرتێری فیدراسیۆن و لێپرساوی ئابوری و لێپرساوی کۆمیتەکانی کار هەڵدەبژێرێ و کۆمیتەکانی کار پێکدێنێت.

4- کۆمیتەی کارگێڕ بەلایەنی کەمەوە هەر سێ هەفتەی جارێك کۆدەبێتەوە. سەرۆکی فیدراسیۆن، ئەندامانی کۆمیتەی کارگێڕ بانگی کۆبوونەوە دەکات. ئەگەر (3) ئەندامی کۆمیتەی کارگێڕ بە پێویست بزانن بۆیان هەیە کۆمیتەی کارگێڕ بانگی کۆبوونەوەی نائاسایی بکەن.

5- کۆمیتەی کارگێڕ ڕاپۆرتی خەباتی فیدراسیۆن پێشکەش کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی گشتی دەکات و بڕیارەکانی کۆمیتەی گشتی جێبەجێ دەکات.

6- ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی کارگێڕ بەبێ هۆیەکی پەسەند وەك (نەخۆشی، سەفەری دەرەوەی سوید و مەئموریەتی فیدراسیۆن) لە (3) کۆبوونەوەی یەك بە دوای یەکی کۆمیتەکەیدا بەشداری نەکات، ئەوە لە ئەندامەتی دەکەوێت و جێگری یەکەم جێگەی دەگرێتەوە.

7- ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی کارگێڕ بەهەر هۆیەکەوە بەشداریی کۆبوونەوەی کۆمیتەی کارگێڕی نەکرد، ئەندامی جێگری کۆمیتەی کارگێڕ بەگوێرەی ڕێژەی دەنگ هێنانی لە کۆنگرەی فیدراسیۆندا، لەو کۆبوونەوەیەدا وەك ئەندامی ئەسڵی کۆمیتەکە دەناسرێت و مافی دەنگدانی دەبێ.

8- ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی کارگێڕ دژی پرۆگرام و پەیڕەوی فیدراسیۆن بجوڵێتەوە، کۆمیتەی کارگێڕ لەسەر ئەو پێشنیاز بە کۆمیتەی گشتی دەکات. کۆمیتەی گشتی لەسەر ئەندامێکی ئاوا ئەو بڕیارانە دەدات:

ئا- هۆشیاریی پێدان.

ب- هەڵپەساردن.

9- بڕیاری کۆمیتەی کارگێڕ دەبێ لە لایەن کۆمیتەی گشتییەوە پەسەند بکرێت. بەرپرسایەتی ئەندامی هەڵپەسێردراو هەتا کۆبوونەوەی کۆمیتەی گشتی ڕادەگیرێ. ئەندامی هەڵپەسێراو مافی هەیە لە کۆنگرەی فیدراسیۆندا بەرگری لە مافی خۆی بکات.

10- ئەندامانی کۆمیتەی گشتی و کارگێڕ مافی ئەوەیان نیە، ببن بە ئەندامی کۆمیتەی ڕێڤیسۆر و ئەندامی کۆمیتەی ڕاوێژ.

11- ئەندامانی ئۆرگانەکانی فیدراسیۆن مافی ئەوەیان نیە کە هاوکات ئەندام بن لە ئۆرگانی فیدراسیۆنێکیتری کوردییدا.

12- دوای تەواوبوونی کۆنگرە، بەتەمەنترین ئەندامی کۆمیتەی کارگێڕی نوێ، دەبێ لە ماوەی 15 ڕۆژدا، ئەندامانی نوێی کۆمیتەی کارگێڕ و گشتی بانگهێشتی یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی گشتی بکات. کۆمیتەی کارگێڕی کۆن دەبێ تەواوی بەرپرساریی و دەسەڵاتداریی خۆی تا دەور و تەسلیم کردن بە کۆمیتەی کارگێڕی نوێ بەجێ بێنێ.

**بەندی 13- کۆمیتەی ڕێڤیسۆر:**

1- کۆمیتەی ڕێڤیسۆر لەلایەن کۆنگرەی فیدراسیۆنەوە هەڵدەبژێردرێ. ئەو کۆمیتەیە لە (3) ئەندامی ئەسڵی و جێگرێك پێکدێ.

2- لە ناو خۆیاندا سکرتێرێك هەڵدەبژێرن.

3- چاودێری و کۆنترۆڵی حساباتی فیدراسیۆن دەکات.

4- هەر چوار مانگەی جارێك ئابوریی فیدراسیۆن کۆنترۆڵ دەکات و ڕاپۆرتی خۆی دەدات بە کۆمیتەی گشتی.

5- ئەندامانی کۆمیتەی ڕێڤیسۆر بەشداریی دەکەن لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی گشتیدا، بەڵام مافی دەنگدانیان نیە.

**بەندی 14- کۆمیتەی ڕاوێژ:**

1- کۆمیتەی ڕاوێژ لە کۆنگرەی فیدراسیۆندا هەڵدەبژێردرێت و لە (5) ئەندامی ئەسڵی و (2) جێگر پێکدێت.

2- لە ماوەی مانگێك دوای کۆنگرەدا، ئەو ئەندامەی کە زۆرترین دەنگی کۆنگرەی هێناوەتەوە، دەبێ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ڕاوێژ پێك بێنێت.

3- کۆمیتەی ڕاوێژ لە نێوان دوو کۆنگرەدا، بەپێی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی فیدراسیۆن و کۆمەڵەکانی ئەندام ناوی ئەو ئەندامانەی کە بۆ خەبات لە کۆمیتەکانی گشتی، کارگێڕ و ڕێڤیسۆر دەست دەدەن، بە کۆنگرە پێشنیاز دەکات.

4- ئەندامانی کۆمیتەی ڕاوێژ بەشداریی دەکەن لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی گشتییدا، بەڵام مافی دەنگدانیان نیە.

**بەندی 15- کۆنگرەی نائاسایی:**

1- ئەگەر کۆمیتەی گشتی بڕیار بدات پێکدێت.

2- ئەگەر یەك زیاتر لە سێ یەکی نوێنەرانی کۆنگرەی ئاسایی فیدراسیۆن داوای کۆنگرەی نائاسایی لە کۆمیتەی گشتی بکەن، دەبێ کۆنگرەی نائاسایی پێك بێت.

3- کۆنگرەی نائاسایی تەنیا لەسەر ئەو کێشانە دەدوێ کە بوونەتە هۆی پێکهێنانی کۆنگرەکە.

4- کۆنگرەی نائاسای لەسەر بنچینەی کۆنگرەی ئاسایی کارەکانی بەڕێوە دەبات.

5- کۆمەڵەکانی ئەندام دەبێ مانگێك بەر لە پێکهێنانی کۆنگرەی نائاسایی ئاگادار بکرێن. کۆمەڵەکانی ئەندام نوێنەرانی پێشووی خۆیان دەنێرنەوە کۆنگرەکە یان کۆنگرەیەکی نائاسایی بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانیان پێك دێنن.

**بەندی 16- پرۆگرام و پەیڕەوی (دەستور) فیدراسیۆن:**

تەنیا کۆنگرەی فیدراسیۆن مافی گۆڕینی پرۆگرام و پەیڕەوی فیدراسیۆنی هەیە. بۆ گۆڕینی پرۆگرام و پەیڕەوی فیدراسیۆن، دوو لە سێی دەنگی ئەو نوێنەرانە پێویستە کە لە کۆنگرەدا بەشدارن.

**بەندی 17- ئابووری فیدراسیۆن:**

1- دراوی فیدراسیۆن لە ژمارە حسابێکی بانکییدا ڕادەگیرێ. سەرۆك و لێپرسراوی ئابووری فیدراسیۆن بەیەکەوە بەرپرسیاری ئەو ژمارە حسابەن. سەرۆك و لێپرسراوی ئابوری پێکەوە دەتوانن تا (1000) کرۆن بەبێ بڕیاری کۆمیتەی کارگێڕ خەرج بکەن. بۆ خەرج کردنی زیاتر لە (1000) کرۆن پێویستە کۆمیتەی کارگێڕ بڕیار بدات. بۆ دەرهێنانی پارەی ڕاستەوخۆ لە حسابی فیدراسیۆن بڕیاری کۆمیتەی کارگێڕ پێویستە.

2- داهاتی فیدراسیۆن بریتییە لە: مافی ئەندامەتی و داهاتی چالاکییەکانی فیدراسیۆن، یارمەتی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبار لە لایەن دامودەزگا ڕەسمییەکانەوە و یارمەتی جۆراوجۆر.

**بەندی 18- ئەرکی سەرۆکی فیدراسیۆن:**

1- نوێنەرایەتی فیدراسیۆن لە دەرەوەی فیدراسیۆن دەکات.

2- سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی گشتی و کارگێڕ دەکات.

3- کۆمیتەی کارگێڕ بۆ کۆبوونەوەکانی بانگ دەکات.

4- چاودێریی بەسەر ئۆگانەکانی کاردا دەکات و چالاکییەکانی فیدراسیۆن کۆنترۆڵ دەکات.

5- بڕیارەکانی کۆمیتەی گشتی و کۆمیتەی کارگێڕ ڕەچاو دەکات.

6- لەگەڵ لێپرسراوی ئابوری، بەرپرسی ئابووری فیدراسیۆنە.

**بەندی 19- ئەرکی سکرتێری فیدراسیۆن:**

1- پرۆتکۆڵی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی گشتی و کارگێڕ دەنوسێ و ڕاپۆرتی خەبات ئامادە دەکات و بەرپرسی ئەرشیڤی فیدراسیۆنە.

2- لە کاتی ئامادە نەبوونی سەرۆکی فیدراسیۆندا جێگەی ئەو دەگرێتەوە و ئەرکی ناوبراو ڕادەپەڕێنێت و لە بەجێهێنانی خەباتی سەروکی فیدراسیۆندا هاوکار و بەرپرسیارە.

3- بەرپرسیاری کارمەند و کارگەرانی فیدراسیۆنە.

**بەندی 20- ئەرکی لێپرسراوی ئابووری فیدراسیۆن:**

بەرپرسیاری ژمێریاریی فیدراسیۆنە، دەفتەری دارایی و کەلوپەلی نێو فیدراسیۆن ڕادەگرێ. هەر سێ مانگەی جارێك باری ئابوری پێشکەشی کۆمیتەی گشتی دەکات و ڕاپۆرتی ئابوری پێشکەشی کۆنگرەی ئاسایی فیدراسیۆن دەکات.

**بەندی 21– هەڵوەشاندنەوەی فیدراسیۆن:**

بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی فیدراسیۆن تەنیا لە کۆنگرەی ئاساییدا دەدرێت. بۆ هەڵوەشاندنەوەی فیدراسیۆن چوار لە پێنجی دەنگی نوێنەران پێویستە. دوای هەڵوەشاندنەوەی فیدراسیۆن، هەموو کەلوپەل و دارایی فیدراسیۆن، بەپێی بڕیاری کۆنگرە بە کۆمەڵەکانی ئەندامی دەگات.

**ئەم پرۆگرام و پەیڕەوە لە (21) بەند پێکهاتووە. لە کۆنگرەی بیست و یەکەمی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان پەسەندکراوە کە لە ڕێکەوتی 15 و 2004/5/16 لە ستۆکهۆڵم پێکهات.**